# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی زەنگ لەگەڵ سامان کەریم  لە  پەیوەند بە ئۆپۆزیسیۆنەوە لەکوردستان.

لە ژمارەی 19ی زەنگدا بلاوکراوەتەوە. بەڵام لە بەرئەوەی کەمێك لێبڕدراوە، پێویست دەکات جارێکی دیکە بلاویبکەینەوە.

**زەنگ: بە بۆچوونی تۆ دروست بوونی هێزی ئۆپۆزیسیۆن لە باشوری کوردستان پێویستیەکی هەنوکەییە؟**

سامان کەریم: بە بڕوای من پێش وەلآمی پرسیارەکە پێویستە برێك سەرنج بدەینە ناوەڕۆکی پرسیارەکەتان. پرسیارەکە بە شێوەیەك داڕێژراوە کە بوونی ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستانی عێراقدا نەفی دەکاتەوەو وای نیشان دەدات کە ئۆپۆزیسیۆن نیەو ئاراستەی پرسیارەکە بەشێوەیەکە کە باس لە دروستبوونی ئۆپۆزیسۆن دەکات. بەبڕوای من لە کوردستانی عێراق ئۆپۆزیسیۆن هەر لەسەرەتای دەسەلاتداریتی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە کە لە حوکمڕانی پارتیو یەکێتیدا لەماوەی 15 ساڵی ڕابوردودا بەرجەستە بوە، هەبوەو هەیەو لەهەلومەرجە جیاوازەکاندا تا ڕادەیەك مەیداندارببوە. بەڵام باسەکە ئەوەیە ئێمە چۆن لە ئۆپۆزیسیۆن تێدەگەینو مامەڵەی ئێمە بۆ ئەم چەمکە پێویستە چۆن بێت. چەمکی ئۆپۆزیسۆن بەمانای باوو بەکارهێنانی لەدینای سیاسەتدا لە وولآتانیکدا کە دەستورو یاسای مۆدێرنو تەنانەت مەدەنی سایەی کێشاوە بەسەر ژیانی کۆمەڵگادا، ئۆپۆزیسیۆن چەمکێکی یاساییەو بەپێی یاسا لەچوارچێوەی ژیانی کۆمەڵگاداو لە نێو هەلومەرجو ئاڵوگۆڕە سیاسیەکاندا جێگاو ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە هەروەك لە زۆربەی وولاتانی ڕۆژئاواو چەندین وولاتانی دیکەشدا وەك تورکیاو وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلاتدا دەیبینین، دیارە بە شیوەو شێوازی جیاواز. بەڵام لە وولاتانی "دیکتاتۆری"دا کە سەرکوتی سیاسی سیمای ژیانی سیاسی کۆمەڵگا دەکێشێت، ئێمە شاهیدی بواری یاسایی ئۆپۆزیسیۆن نینو ئۆپۆزیسۆن لەم وولاتانەدا قاچاغو نا یاساییە سەرەڕای ئەوەی کە بونی هەیەو لە زۆرێك وولاتانی لەم چەشنەدا بونێکی بەهێزی هەیە.

لە کوردستاندا لەماوەی 15 ساڵی ڕابوردودا سەرەرای دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی هەردوو هێزی دەسەلاتدار، بەڵام بۆنمونە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی توانیویەتی بونی خۆی بسەلمێنێتو چەندین شەوەزەنگی تاریك دڕ بدات کە تەنانەت قسەکردن لەسەریان حەرام بوو. وەستانەوە بەرانبەر بە کوشتنی ژنانو خەباتکردن لە پێناو خواستی یەکسانی نیوان ژنو پیاودا کە ئێستا بۆتە قسەی سەر زمانی حزبە دەسەلاتدارەکانیش. مەسەلەی جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ کە لە ساڵێ 1995وە بوو بەسیاسەتی ڕەسمی ئیمەو لەسەر ئەم خواستە ئیمە دراینە دادگا لەشاری سلێمانی. چەمکی ریفراندۆمێکی گشتیو ئازاد بۆ خەڵکی کوردستان، کە ئێستا ناسیونالیستەکان کردویانە بە چەکوشێکی ئامادە بۆ سەر سەری حکومەتی بەغداو ئەمەریکاو لەهەرکاتیکدا کە فیدرالیزمەکەیان بکەوێتە خەتەرەوە دەستیپێدەکەنەوە. مافەکانی منداڵانو چۆنیەتی باشترکردنی هەلومەرجی کۆمەڵگا بە قازانجی نەوەکانی ئایندەمان، وەستانەوە دژی خورافەو جەهلو کۆنەپەرستیو بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیو پیکهێنانی  چەندین کۆمیتەی جۆاروجۆر لەساڵەکانی 1996 تاکو ساڵی 2000دژ بە تیرۆرو تۆقاندنی هیزەکانی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان، پاراستنی ئازادییە سیاسیەکانو خەباتکردنی بێوچان لە پێناو دەستەبەرکردنیاندا.... چەندین خواستو ویستی تری خەڵکی کوردستان. ئەمە بەجیا لەوەی لەراستیدا من پێش ئەوەی ئۆپۆزیسۆن لە هیچ حزبیکدا ببینم لە نیو جموجۆڵی کۆمەلایەتی خەلکدا دەیبینم کە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستانو نارەزایەتیەکانی ئەوان، ئەگەر حزبیشی نەبیت ئەوا ڕۆشنە کە ئەم بزوتنەوەیە حزبیك بۆخۆی دروست دەکات. بۆیە ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستاندا هەیەو هەلومەرجیوپیداویستی کۆمەڵگای کوردستان وەك باریکی بابەتی هێناویەتە ئاراوە. کوردستان وەکو کۆمەلگایەك بەتوندی دابەش بوە بەسەر دوو چیندا، بورژوزای کە دەسەلاتدارە بەهۆی یەکیتیو پارتیەوە ژیانی ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتی دەچەرخێنیت، کرێکاران کە وەك چینێك لەهەلومەرجیکی سەختدا ژیان بەسەر دەبەن لەباری بێمافی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیەوە. ئەم کێشمەکێشە یە کە لە هەناوی خۆیدا پێش ئەوەی ئیمە هەبینو کەسێك پرسیار بکات، ئێمەش پێکدەهێنێتو بونی ئۆپۆزیسیۆنیکی بابەتی دەخولقێنیت. بۆیە وەلامی پرسیارەکەی ئیوە دەمێکە واقعی کۆمەڵگای کوردستان وەڵامی پیداتەوە.

**زەنگ: ئایا عەقڵیەتی پارتە دەسەلآت دارەکانی باشوری کوردستان( پارتیو یەکێتی ) تا چەند دەتوانێت هەزمی ڕەخنەی پارتی ئۆپۆزیسیۆن بکات؟**

سامان کەریم: باسی عەقڵیەتی سیاسی پارتیو یەکێتی، سیاسەتو بەرێوەبردنی کۆمەڵگا لەماوەی 15 ساڵی ڕابوردودا، هیچ بوارێکی بۆ بۆ هیچ ئینسانێك نەهێشتۆتەوە کە ئەم دوو هێزە دژ بە ئازادیە سیاسیەکانن دژ بە ئازادی ڕەخنەو ئازادی بیرواو ئازادی خۆپیشاندانو سەرجەم ئازادییە سیاسیەکانن. لەمبارەوە ئەگەر خەریکی هێنانەوەی نمونە بین چەندین پەرتوکی قەوارە گەورەی لێدەردەچێتو بەشیکی دەتوانین هەر لەنیو ڕاپۆرتی سالانەی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال پەیدا بکەینو لەمبارەوە ئینسان پێویستە بگەریتەوە بۆ شاخ پێش شار،

ئینجا بگەریتەوە بۆ سالی 1991و سالْ بەسالْ سەرنج بدات لە ڕەشەکوژی سیاسیەوە بگرە، تاکو کوشتنی ژنان، لە سەرکوتی خۆپیشاندان و نارەزایتیەکانەوە بگرە تاکو دەکاتە هەلکوتینە سەر ئەحزابی سیاسی و بارەگاکانیان، لە شەری ناوخۆوە بگرە تاکو دەگاتە شەری نیو ئەحزابە کوردی‌یەکان، لە لیدانی پەکەکەوە بگرە تاکو هەلکوتانەسەر حزبی دیموکراتی ئیران، لەسەرکوتی خەڵکی ناڕازی و خۆپیشاندەرانەوە بگرە بەفیشەك تا دەگاتە زیندانی گردن لەسەر نوسین و رەئی.... ئەم لیستە تەواو نابێت... بەهەرحالْ ئەوە عەقلیەتی ئەوانە. ئەوان ناتوانن لەگەل ئازادی سیاسی و ئازادییە فەردی و مەدەنیەکاندا هەڵبکەن. ئەمە ئیتر لە قسەو باسی ئیمە دەرچوە و باسی ئایدۆلۆژی یان تەنانەت باسی سیاسی کەسیك نیە بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی قانع بکات، بەڵکو واقعیەتێکە کە هەموو کەس دەیبینێت. ئاکرێ، دهۆك، هەڵەبجەو کەرکوك و 30 سالْ حوکم و... لە نمونە تازەکانن کە کۆمەکێکی زۆری کرد بەوەی خەڵك بەشێوەیەکی ملموس سەرکوتی ئەم هێزانە ببینێت و بیانناسێت.

بەڵام باسی عەقڵیەت و هەزمکردنی عەقڵیەتی ئەوان بۆ ڕەخنە لەگەڵ واقعیەتی کۆمەلایەتی هەمیشە دوو شتی جیاوازن. ئەوان ئەتوانن هەتا ماون هەر ئاوابن، بەڵام ئالۆگۆری کۆمەلایەتی و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی بەرانبەرو ڕەوتی بەرو پێشچونی کۆمەلگا شتیکی ترمان پێدەلێت. ئەوان دەتوانن هەتا ماون دژ بە ئازادی سیاسی بن و لە ئازادییە سایییەکان بتۆقن، بەلام لەبەرانبەر خۆپیشاندانی خەلکی دهۆك و ئاکرێ و ڕانیەو هەڵەبجەدا ناتوانن هەتاسەر فیشەك باران بکەن، ئەمە راستیەکە مندالیکی پۆلی سێهەمی سەرەتای دەیزانیت. ئۆپۆزیسۆنی کۆمەلگاش ئەو پۆپۆزیسیۆنەیە کە سەر بە بزوتنەوی خەلکی ناڕازای بێت و هێزو توانای و تەنانەت عەزمی دەسەڵات وەرگرتنی لەم بزوتنەوەیە وەردەگریت.

## زەنگ: ئایا دروست بوونی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئەمنی قەومی باشوری کوردستان دەبیت؟

سامان کەریم: سەرەتا پیویستە ئەوە بلێم کە باسی ئەمنی قەومی بۆ کوردستانی عێراق، نایەتەوە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو چەمکە سیاسی و ئەمنی و یاسایی و لە هەمانکاتدا نیونەتەوەییەدا. چەمکی ئەمنی نەتەوەیی، بدعەیەکی ناسیونالیزمنی کوردە بۆ لێدان یان سەرکوتی هەر خواستێك کە نەیەتەوە لەگەڵ سیاسەتی خۆیاندا. ئەوان لەساڵی 2000دا بە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریان ووت لە شکاتیکی رەسمی خۆیانداو بە ئیمزای نەزەر عەلی ئەکبەر کە ئەوکات جیگری وەزیری ناوخۆ بوو، کەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، ئەمنی نەتەوەیی کوردی خستۆتە خەتەرەوە چونکە داوای جیابونەوەی کوردستان دەکات. بەلام باسی ئەمنی نەتەوەیی باسی ئەمنی نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەتە، بەبێ دەوڵەت باسکردن لە ئەمنی نەتەوە بێ‌مانترین چەمکیکە کە مێژوو بەخۆیەوە بینیوە. ئەمنی نەتەوەیی ئەمڕۆی کوردستان پاشکۆیە بۆ ئەمنی دەوڵەتی عێراق و هەموو یاسا نێو دەوڵەتیەکان بە میساقی نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە ئەوە دەسەلمێنیت. بۆیە ئەم باسە بۆ بزوتنەوەی کورادایەتی و قەلەم بەدەستەکانی و سەنتەرەکانی لێکۆلینەوەی، باسیکە بۆ سەرکوت و پاوانخوازی و شەڕخوازی. ڕۆژیك پەلاماری پەکەکە دەدەن لە ژیرهەمان ناودا، رۆژیکی دیکە پەلاماری خەڵك لە ژێر هەمان بیانودا. ئەمنی نەتەوەیی کام ماناو مەدلولە سیاسی و کۆمەلایەتیەی هەیە لەکاتیکدا هەردوو حزبی دەسەلاتدار تەواوی حکومەتەکانی دراوسێی کوردستانیان هێنایە نیو قولایی کوردستانەوە بە پیش لەشکری خۆیان و کار کەیشتە ئەوەی حکومەتی بەعس بهێننە نیو پایتەختی کوردستانەوە، ئیتر چ مانایەك دەمێنیتەوەبۆ ئەوەی باس لە ئەمنیەتی نەتەوەیی بکریت تەنانەت ئەگەر باسی ئەمنی نەتەوە بۆ کوردستانیش مانایەکی هەبیت، کەنیەتی. بەلام بەفەرزی ئەوەی کە ئەمنی قەومی چەمکێکی واقعی‌یەو لەکوردستانیشدا دەکرێت بلێین هەیە. ئۆپۆزیسۆن بۆچی دەبیت زەربە لە ئەمنی قەومی بدات؟! ئۆپۆزیسۆن لەبناغەوە چەمکێکە بۆ هیزێکی موخالیف بە دەسەلات، نەك مخالف بەخەڵك و ولاتیك و "نەتەوەیەك" کە خۆی بەشیکە لە کۆمەلگاکەی. بەلام کاتیك باسی ئەوە دێتە پێشەوە کە ئۆپۆزیسیۆن زەربە لە ئەمنی قەومی دەدات ئەوە نیشانەی هەژاری و زەبونی هیزی دسەلاتدارە لە هەرشوینیکی دنیا بیت، هەژاری زەبونی بەرانبەر بە نەبونی وەلامی گونجاو بۆ پێداویستی و خواستەکانی کۆمەلگا و بەمپێیەش ئەمنی قەومی دەبیتە وەسیلەی سەرکوت. بەدرێژایی تەمەنی حوکمی نەگریسی قەومی بەعس بەکارهینانی چەمکەکانی یەکپارچەی خاکی عێراق و ئەمنی قەومی چەمك گەلێك بون بۆ لیدانی ئۆپۆزیسیۆن. بەلام هیچ کات ئەوانەی کە ئەوکات ئۆپۆزیسۆن بون و ئیستا دەسەلاتدارن بەزەریەك باسی ئەوەیان نەکردوە کە مخالف بون و ئۆپۆزیسیۆن بونی ئەوان زەربە دەدات لە ئەمنی قەومی عیراق. بەفەرزی ئەوەی چەمکی ئەمنی‌قەومی بۆ کوردستان چەمکێکی واقعی‌یە، ئەوکات ئەو لایەنەی کە گەورەترین زەربەیان لەم چەمکە داوە یەکیتی و پارتی ین چونکە گەورەترین کۆسپیان دروستکردوە بۆ پیکهێنانی دەولەتێکی

سەربەخۆ لەکوردستان، ئەمە گەوەرتین زەربەیەکە کە لە ئەمنی قەومی درابیت لە ڕوانگەی دیارکراوی بزوتنەوەی کوردایەتیشەوە. بۆیە تەنانەت ئەم دوو هیزە بۆیان نیە ئەم باسە لەبەرانبەر هیچ لایەن و کەسێکدا بهێننەوە.

بەلام لەپەیوەند هەلومەرجی سیاسی کوردستانەوە من پیم وایە، ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی خودی کۆمەلگا خۆیەتی، کۆمەڵگا لەکوردستان خۆی کوانوو بەرهەمهێنەری هیزی ئۆپۆزیسیۆنە. کەس ناتوانیت بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەلك و بەم پێیە هیزی ئۆپۆرزیسیۆنەکەی کە نوینەری ئەوخەڵکەیە، جیابکاتەوە لەهەلومەرجی سیاسی کۆمەلگا. کۆمەلگا لە هەلومەرجی ئیستای دنیاداو لەوانە کوردستانیش ناتوانیت بەبێ ئۆپۆزیسیۆن بەریوە بچێت و ئۆپۆزیسیۆن بەشێکی سەرەکی‌یە لە ستراکتۆری جموجۆلی کۆمەلگای کوردستان. ئەمە راستیەکە کە سەرکوت ناتوانیت پەردە پۆشی بکات، راستیەکە تەنانەت کۆمەلکوژییەکانی حکومەتی قەومی بەعس فریای نەکەوت.

بەشیکی سەرەکی پرسیارەکەی ئیوە بەوەگریێی خواردوە، کە ئایا دەسەلاتدارانی ئێستای کوردستان دەیانەوێت کەش و هەوایەکی سازگارو تەندروست فەراهەم بکەن بۆئەوەی ئیمە بتوانین لە هەناوی کێبەرکێەکی سیاسی تەندروست و گونجاو ئازاددا کێبەرکێی سیاسی بکەین یان ئەوان سور دەبن لەسەر ئەوەی کە تا ئێستا کردویانە لەسەرکوت و هەلکوتینە سەر بارەگاکان و خنکاندنی ئازادییە سیاسەکان. دەستورو یاساکانی ئەوان تەنانەت هەولدانیان بۆ ئەوەی دەستوری کوردستان بەدور لەچاوی خەڵك و لەنیو پەرلەمانە حزبەکەی خۆیاندا بڕیار بدەن، درەخەری ئەوەیە کە ئەوان لەگەل ئازادی سیاسی و کەش و هەوای تەندروست و ئازادی سیاسیدا هەڵناکەن.

بەبڕوای من لەسایەی دەستورو یاسا گەلێکی مۆدیرندا، کە ئازادییە سیاسی و فەردی و مەدەنیەکان لەکوردستاندا فەرهام بکات، بونی ئۆپۆزیسیۆن وەك بەشێکی سەرەکی لە ستراکتۆری جمۆجۆلی سیاسی کۆمەڵگا، دەبێە هۆی بەهیز بون و مەتانەتی زیاتری یەکگرتوویی کۆمەڵگا لەکوردستاندا بەرەو بارێکی باشترو ئینسانی تر بە قازانجی خەلکی کوردستان و بەرژەوەندییەکانی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان.